## 16000 پەرستار و کارمەندی بەشی تەندرووستی و کۆمەڵایەتی فینلەند یەکلایەنە گرێبەستی کاری خۆیان هەڵدەوەشێننەوە.

## دەوڵەت دەیەوێ بە زەبری یاسایەکی تازەی کۆنەپەرستانە کرێکاران ناچار بە کاری بێگاریی بکات!




لە سایتی www.yle.fi وەرگیراوە

به گوێرەی دەنگوباسی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی فینلەند و لەوانە ڕۆژنامەی (هێلسینگین سەنۆمات ، کاناڵی تەلەویزیۆنی (ئولێ "Yle")، سایتی سەندیکای کرێکارانی بەشی تەندرووستی و کۆمەڵایەتی فینلەند (تێهو "Tehy" ) :

– هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی کاری 16000 پەرستار و کارمەندی ئەندامی سەندیکای (تێهو) لە ڕۆژانی 19 /11، 11/27/ و 2007/12/13 دا بە کردەوە دەر دێن، ئەگەر تا دووشەممەی ئایندە نوێنەرانی ڕەکخراوەکانی کرێکاران و خاوەنکاران لە سەر کێشەکە پێک نەیەن.

– بەم جۆرە لە سەرجەم 70 000 کرێکار و کارمەندی بەشی تەندروستی و کۆمەڵایەتی سەر بە کەرتی گشتی، پێنجیەکیان بێکار دەبن.

– دەوڵەت، لە درێژەی کۆبوونەوە یەک لەسەر یەکەکانی پارلمان، بە نیازە 2007/11/15 یاسایەک پەسند بکات، کە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە بەڕێوە دەچیت. ئەم یاسایە جگە لەوەی کرێکارانی واز لە کار هاوردوو ناچار دەکات بگەڕینەوە سەر کارەکانییان، سزایەکی ئابووری قورسیشیان بەسەردا دەسەپێنێت.

– ئەگەر پێویست بکات فدراسیۆنی سەندیکاکانی کرێکاران و کارمەندانی فینلەند (ئەستێتێکۆ "Sttk" ) هەڵدەستێ بە پشتگیری لێبڕاوانەی سەندیکای (تێهو)، بەڵام جارێ دەس ڕادەگرێت، چونکە چەند سەندیکایەکی تری ئەندامی ئەو فدراسیۆنە هەر ئێستا بۆ خواستگەلی تر، یان مانیان گرتووە یاخود لەگەڵ لایەنی خاوەنکاران سەرقاڵی وتوویژ و مشتومڕی داخوازیەکانیانن.

– لە درێژەی خۆپیشاندانەکانی شارە جۆراوجۆرەکانی فینلەند، ئەمڕۆ ڕێکخراوی (تێهو) ی شاری تورکو خۆپیشاندانێکی گەورە لە دژی یاسای کاری بە تۆبزی، بەڕێوە دەبات.

– ئەمڕۆش وەک دوێنێ کرێکارانی بەشی تەندرووستی دەڤەری هێلسینکی و پایتەخت و خەڵکانی بە پەرۆش، خۆپیشاندانێکی گەورە بە دیفاع لە خەباتی ڕیکخراوی (تێهو) لە بەردەم تەلاری پارلمانی فینلەند بەڕێوە دەبەن.

– نەخۆشخانە گشتییەکانی سەر بە زانکۆی هێلسینکی لە پارێزگای (ئووسیما)، بە هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی کاری کرێکاران و کارمەندان، قورسترین گوشاریان دەکەوێتە سەر و نزیکەی 3000 کەسیان یەکجێ و بە یەکجاری دەس لە کار دەکێشنەوە واز لە کار دێنن.

– لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا زیاتر لە 100 کاتی نشتەرگەری پزیشکی لە هەرێمی پایتەخت هەڵوەشێندراونەتەوە و تەنانەت هێندیک لە نەخۆشخانە گەورەکان ناچار بوونە، کە ژنانی دوگیان و کەسانی زۆر نەخۆش بە فڕۆکە بگەیەننە نەخۆشخانەکانی سوید.

– (تێهو) لەو باوەڕەدایە، کە دەوڵەت وەک لایەنی سێیەمی گفتوگۆکان بە پەسندکردنی وەها یاسایەک نەک هەر مافی مانگرتن و ڕێکخراوبوون لە کرێکارانی بەشی تەندرووستی تا ڕادەیەکی زۆر دەسەنێتەوە، بەڵکو بەم کارەی ڕێک چووەتە بەرەی خاوەنکارانەوە. (تێهو) ئەم تاکتیکە خەباتکارانەیەی خۆی بە شێوازێکی یاسایی و ڕەوا دەزانێت و بەرپرسیاریەتەکەشی وەک سەندیکا لە ستۆ دەگرێت، و تاوانبارکردنی ئەندامانی سەندیکاش لە لایەن دەڵەتەوە بە توندی مەحکووم دەکات.

– سەندیکای کرێکارانی بەشی تەندرووستی و کۆمەڵایەتی فینلەند (تێهو) بۆ درێژەدان و بە سەرەنجامگەیاندنی ئەو خەباتە قایمکاریی ئابووری خۆی کردووە و بۆ ئەم مەبەستەش ناوەندێکی ئابووری پێکهێناوە بەناوی (ناوەندی ئابووری بۆ ڕۆژانی خەباتی کرێکاریی)، کە بەڵێن وایە بۆ قەرەبووکردنەوەی موچەی کاری لە کیسچووی ئەندامان، مانگانە 1680 یۆرۆ بە هەر ئەندامێکی واز لەکار هاوردوو بدات.

– تا ئەمڕۆ دەیان ڕێکخراوی کرێکاریی فینلەندی و دەرەوەی فینلەند، دەیان ڕێکخراوی جەماوەری و سیاسی چەپ و مرۆڤدۆست لە پشتگیرینامەگەلێکدا پشتیوانی خۆیان لە خواستەکانی (تێهو) ڕاگەیاندووە.

## درێژەی بابەتەکە

لە چەند هەفتەی ڕابردوودا خەبات و ململانێی سەندیکای کرێکاران و کارمەندانی بەشی تەندرووستی و کۆمەڵایەتی فینلەند (تێهو) بۆ بەرزکردنەوەی موچەی ئەندامەکانی، گوڕوتینێکی وزە و ورەبەخشی بەخۆیەوە بینیوە، بەجۆرێک کە حکوومەتی دەستەڕاستی فینلەندی تووشی سەرەگێژە و پەلەقاژەی پەسندکردنی یاسایەکی نامرۆڤانە کردووە، کە خۆیان ڕاشکاوانە و بێپەردە وەکو یاسای تۆبزیکاریی ناوی دەبەن. بە پەسندکردنی ئەو یاسایە کرێکارێک کە بە پێی یاساش خاوەنکاری لە هەڵەشاندنەوەی یەکلایەنەی گرێبەستی کارەکەی ئاگادار کردبێتەوە، ناچار دەکات بە زۆری و بە زەبری یاسا بگەڕێتەوە سەر کارەکەی!.

سەرەڕای هەوڵی زۆری سەندیکای (تێهو) بۆ ڕێککەوتن لەسەر موچەیەکی گونجاو، دەوڵەتی دەستەڕاستی فینلەند بە هێنانە ئارای گەڵاڵەی یاسای تۆبزیکاریی (کاری ئیجباری) کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا چەندین جار پارلمان دانیشتنی تایبەتی لەسەر کردووە، قەیرانەکەی ئاڵۆزتر کردووە و گیانی نەخۆشگەل و کەسانێکی زۆری تریشی خستۆتە مەترسییەوە، چونکە لە ڕۆژانی ڕابردوودا نزیکەی 16000 کارمەند و کارگێڕی بەشی تەندرووستی و کۆمەڵایەتی لەسەر پێشنیاری سەرکردایەتی سەندیکای (تێهو) ڕایانگەیاندووە، کە لە لە دوو قۆناغی جیادا گرێبەستی کارەکانیان یەکلایەنە هەڵدەوەشێنەوە و واز لە کار دێنن.

لە سەروبەندی هەڵبژاردنە پارلمانییەکانی  ئەمساڵدا بەڵێنی ئەوە درابوو، کە لانیکەمی موچەی کارمەندانی ئەم بەشە زیاد بکەن، کە 500 یۆرۆ لە موچەی کرێکاران و کارمەندانی ئەم بەشەی سوید کەمترە، کەچی خاوەنکاران و دەوڵەت ئەم مافە بە کرێکارانی بەشی تەندرووستی ڕەوا نابینن و بگرە لە ڕێگەی دەمودەزگای ڕاگەیاندنەوە هەوڵ ئەدەن پرسەکە چەواشە بکەن و بیروڕای گشتی بە هەڵەدا بەرن، کە گۆیا کرێکاران و کارمەندانی بەشی تەندرووستی پارەیان لا گرنگترە تا دابینکردنی گیان و لەشساخی هاووڵاتییان.

لە ماوەی هەفتەی ڕابردوودا کەناڵی تەلەفیزیۆنی (ئولێ) چوار جار لێکۆڵینەوەی لەم بابەتە کردووە و بۆچوونی هاووڵاتییانی فینلەندی پرسیوە لەسەر کێشەی نێوان شارەوانییەکان و دەوڵەت و سەندیکای کرێکارایی (تێهو)، کە هەر چوارجارەکە لە سەدا 60 ی هاووڵاتییانی تەمەن نێوان 15 تا 79 ساڵە، ڕاشکاوانە پشتگیری خواستی کرێکارانییان کردووە.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا هێندیک لە نەخۆشخانە گەورەکان ناچار بوونە کە ژنانی دوگیان و کەسانی زۆر نەخۆش بە فڕۆکە بگەیەننە سوید، و باسی ئەوە دەکرێت کە لەمبارەوە لەگەڵ وڵاتانی تری دراوسێشدا قسەی ئەم جۆرە هاوکارییانە کرابێت، کە بۆ چارەسەریی خێرا، خەڵکی بە فڕۆکە بگەیەننە ئەو وڵاتانە.

سەندیکای (تێهو) 124000 ئەندامی هەیە و لە لە سەندیکا کرێکارییەکانی سەر بە فدراسیۆنی سەندیکا کرێکارییەکانی ( ئەس تێتێ) ی فینلەندە. (تێهو) بۆ بەسەرئەنجامگەیاندنی ئەم خەباتە ناوەندێکی ئابووری پێکهێناوە بەناوی (ناوەندی ئابووریی بۆ ڕۆژانی خەباتی کرێکاریی) ، کە بەڵێن وایە بۆ قەرەبووکردنەوەی موچەی کاری لە کیسچوو، بە هەر ئەندامێک کە ئەم ماوەیە لە ئاکامی خەباتی پیشەییدا بێکار دەبێت، مانگانە 1680 یۆرۆ بدات. سەرۆکی (تێهو) ئەندامانی سەندیکا و بیروڕای گشتی لە باشیی بواری ئابووری ڕێکخراوەکەی دڵنیا کردۆتەوە.

لە چەند ڕۆژی ڕابردووەوە تا ئەمڕۆ دەیان ڕێکخراوی جەماوەری هەمەچەشن و ڕێکخراوەی کرێکاریی بە ناردنی نامەی پشتگیری، پشتیوانی خۆیان لە سەندیکای (تێهو) و کرێکارانی خەباتکاریی ئەندامی ئەو ڕێکخراوە ڕاگەیاندووە. جگە لەمە (تێهو) خۆیشی تۆمارێکی ئینترنێتی لە سایتەکەی خۆی داناوە بۆ ئیمزا کردن، کە تا نووسینی ئەم بابەتە 22572 کەس ئیمزایان کردووە. ئێوەش دەتووانن لە ڕێگەی ئەم لینکەوە سەردانی سایتی (تێهو) بکەن و تۆمارەکە کە بە زمانی فینلەندییە ئیمزا بکەن. بۆ ئەم کارە هەر ئەوەندە بەسە، کە لە بۆشایی یەکەمدا ناوی خۆت بنووسیت و لە بۆشاییەکەی تردا شوێنی ژیانت: http://www.tehy.fi/viestinta/tahdon_tukea_tehylaisia/

سەندیکای (تێهو) لە نامەیەکدا کە بۆ دەوڵەتی فینلەندی نووسیوە ناڕەزایەتی توندی خۆی بەم گەڵاڵە یاساییە کە بەڵێن وایە ئەمڕۆ 2007/11/15 پارلمان پەسندی بکات و ڕۆژی دواتر سەرۆک کۆمار ئیمزای بکات، دەربڕییوە. (تێهو) لەوە باوەڕەدایە، کە دەوڵەت وەک لایەنی سێیەمی گفتوگۆکان بە پەسندکردنی وەها یاسایەک نەک هەر مافی مانگرتن و ڕێکخراوبوون لە کرێکارانی بەشی تەندرووستی تا ڕادەیەکی زۆر دەسەنێتەوە، بەڵکو بەم کارەی ڕێک چووەتە بەرەی خاوەنکارانەوە. ناڕەواییەکی تر کە بەپێی ئەم یاسای تۆبزیکارییە بەڵێن وایە بەڕێوە بچێت ئەوەیە، کە دەوڵەت بە نیازە ئەو ئەندامانەی (تێهو) کە گرێبەستی کاریان هەڵوەشاندۆتەوە وەک تاک بە پارە سزا بدات، ئەگەرچی ئەندامانی

سەندیکا لەسەر بڕیار و پێشنیاری سەرکردایەتی ڕێکخراوەکەیان و وەک تاکتیکێکی خەباتی یاسایی، گرێبەستی کاری خۆیان هەڵوەشاندۆتەوە و بەرپرسیاریەتی ئەم بڕیارە لە ستۆی سەندیکایە نەک ئەندامانی بێکار بوو.

ئەم کێشەیەی نێوان کرێکاران و خاوەنکاران کە شارەوانییەکانن، هەرچی زیاتر پەردە لە سەر دەوری دووڕووانەی دەوڵەت کە بە ڕواڵەت باوکە ڕیشچەرمووەکەی هەمووانە، هەڵ ئەداتەوە. نیشانی ئەدات کە سەرچاوەی کێشەکە بە واتەی حیزبی کۆمۆنیستی فینلەند دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەت و خەباتی چینایەتی، نەک بۆ باری ناهەمواری ئابووری شار و شارۆچکەوانییەکان. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە دەوڵەت هەر لەسەر حەوتەی خۆیەتی و بە بەرزکردنەوەی موچەی کرێکاران نەک دەوڵەت و شارەوانییەکان تووشی هیچ کارەساتێک نابن، بەڵکو بەرزبوونەوەی ئاستی موچەی کرێکاران و کارمەندان کیسەی باجی دەوڵەت پڕ و پڕتر دەکات. ئاخر مەگەر ئەوە نییە کە لە سایەی زیادکرانی تەنیا چوار ملیارد یۆرۆیی مووچەی گشتی ساڵانەی ئەمساڵی موچەبگیرانی وڵات، دوو ملیاردی دەچێتە کیسەی دەوڵەت و شارەوانییەکانەوە و لەو لایشەوە ساڵانە بودجەی دەوڵەت بە ملیارد زیادی دێنێت؟!

بۆ باشترکردنی باری ئابووری شارەوانییەکان دەکرێ یاسایەک پەسند بکرێت کە داهاتی سەرمایەداران و خاوەنکارانیش بخاتە ژێر ڕکێفی سیستمی باجی شارەوانییەکانەوە، تا ئەو کاتە بە ئاسانی مووچەی کرێکاران و کارمەندانی بەشی تەندرووستی و کۆمەڵایەتی دابین کرێت، ئاستی گوزەرانی ئەو 000 600 کەسەش باشتر کرێت، کە لە وڵاتی "خۆشگوزەران" دا لە ژێر هێڵی هەژاریی (یەکیەتی ئەوروپا) دا دەژین و ئاوڕێکیش لە کرێکارانی ژن بدرێتەوە کە موچەیان % 80 ی موچەبگیرانی پیاوە.

سۆران زەکی

2007/11/15

سەرچاوەکان:www.hs.fi, www.yle.fi, www.tehy.fi www.sttk.fi,www.skp.fi